# زمانی رۆژنامەنووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین

## (١٩٩١ — ١٩٩٩)

هیمداد حوسێن بەکر
مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی کوردی
کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەددین

-پێشەکی
-فەسڵی یەکەم:
١-١ :ڕۆژنامە و کۆمەڵ.
١-٢ :زمان و کۆمەڵ و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی.
١-٣ خاسیەتەکانی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین.

-فەسڵی دووەم:
٢-١:زمانی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین بەپێی هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسیی.
أ-زمانی هەواڵ.
ب-زمانی وتار.
٢-٢:زمانی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین بە پێی ناوەرۆکیبابەتەکان.
أ-زمانی یاسایی.
ب-زمانی وەرزشی.
پ-زمانی سەربازیی.
ت-زمانی زانستیی.
ئەنجام.
سەرچاوەکان.
کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی.
کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی.

## پێشەکی:

ڕۆژنامە نووس هەوڵ دەدات بە زمانێکی سادەو ڕەوان و دوور لە زێدەڕۆیی و بە ووردی وراستگۆییانەوە جیهان بورووژێنێ و لە ئاست کەم و کورتیەکانمان وریامان بکاتەوە. هەڵبژاردنی زمانی ڕۆژنامە نووسیی کوردی بە پلەی یەکەم لەوەوە دێت، کە ئەم مەسەلەیە کەمتر لای لێکراوەتەوە، ئەگەر چی زمانی ڕۆژنامە نووسیی لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆژیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی یدا ئەمڕۆ پێشکەوتووەو دیاردەیەکی زیندووەو هەمیشە لە گۆڕاندایە، لە ئەنجامەکانی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێ ، کە زمانی ستانداردی کوردی کەڵکی لە ڕۆژنامەنووسیی وەرگرتووە.

### سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکەم ، لە چوارچێوەی نووسینی کوردستانی باشووردایە، بە تایبەتی ئەو ماوەی دوای(ڕاپەڕین-١٩٩١)م وەرگرت، چونکە ڕاپەڕین گۆڕانێکی سەرتاسەری بەسەر ژیانی سیاسی ورۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردستاندا هێنا، بێگومان ڕۆژنامەنووسییش گەشانەوەیەکی تازەی بەخۆوەبینی.

### میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە تیۆریی – پراکتیکییە و هەوڵ دەدات لە زمان بکۆڵێتەوە وەکو دیاردەیەکی زیندووی هەمیشە گەشەکردوو، بەشێوەیەکی وەسفی.

### ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە:

بنیادی لێکۆڵینەوەکە، لەسەر پێشەکیەك و دوو فەسڵ دامەزراوە و هەر فەسڵەشی لە چەند سەرەباس دەدوێ، لە فەسڵی یەکەمدا هەوڵمداوە، بە کورتی پێناسەی ڕۆژنامە و پێوەندی بە کۆمەڵەوە دیاربخەم، بەو پێیەی ، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، پاشان خاسیەتەکانی ڕۆژنامەنووسیی دوای ڕاپەڕینم بە گشتی دیارخستووە و لە فەسڵی دووەمیشدا زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیم لەسەر هەردوو بنەمای هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسیی و ناوەرۆکیانەوە دەرخستووە و ئەنجام و سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەم دیاری کردووە. ئومێدمە تیایدا سەرکەوتووبم.

## فەسڵی یەکەم

### ١-١:ڕۆژنامە وکۆمەڵ:

پێناسەی ڕۆژنامە لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێویدا بە پێی چەمکی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەپێی دەستەڵاتی سیاسی سەردەم گۆڕاوە. ئەوانەی لە مێژووی دێرینی ڕۆژنامە نووسیی دەکۆڵنەوە، سەرەتای هەواڵ و گەیاندن بۆ مێژووی چاخە بەردینەکان

دەگەڕێننەوە و لەوکاتەی مرۆڤ هەولێداوە پێوەندی بە دەوروبەرەکەیەوە بکات، پێویستی بە هۆکارێك بووە بۆ هەرەوەزی و لە یەکتر تێگەیشتن، یان روونتر بڵێین لە سەدەکانی دواتر دا لای چینییە کۆنەکان هەواڵی رۆژنامەنووسیی دراوە و پاشتر لای رۆمانیەکانی و ... هتد.

*فرناند ترۆ*، سەرەتای ڕاستەقینەی رۆژنامەنووسیی بە شێوەیەکی ساکار لە ئەوروپا بۆ سەدەی سێزدەهەم دەباتەوە، کاتێ هەواڵەکان بە دەست دەنووسرانەوە و لە سنوورێکی دیارکراو دا بڵاودەکرانەوە، دەڵێ :

(ئەو دەنگو باسانەش لاپەڕەی بەدەست نووسراو بوون، کە هەواڵیان تێدا دەنووسرا و بە شێوەیەکی تایبەتیش لە (ئەفیزی) لە ئیتاڵیا و (زیتونگن) لە ئەڵمانیادا بڵاوبووەوە. ئەو دەنگوباسانەش بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەند و بازرگانە گەورەکان و کاردارانی بانك (رجال المصارف) دەهۆنرانەوە.)[١]

ئەمە بۆ شارستانێتی رۆژئاوا و بۆ سەرەتاکانی رۆژنامەنووسیی لای ئەوان، بەڵام بۆ رۆژهەلاتی کۆن، لای ئێرانیەکان (قاجارەکان) و لە دەوڵەتی عوسمانیدا، دوای ئەوەی چاپخانە لە ئەورووپاوە گەیشتە رۆژهەلات هەولی رۆژنامەنووسیی بە شێوەیەکی هاوچەرخ دەستی پێکرد .[٢]

چەمکی رۆژنامە یەکەمجار بە واتای یادداشتی رۆژانە بەکار دەهات و پاشان ئەو هەواڵانەی پێوەند بە باری ناوەخۆ و دەرەوەی مەملەکەتەکانەوە هەبوو دەنووسرانەوە. لە سەر دەمی نوێدا ، یۆنسکۆ بۆچوونی بۆ چەمکی رۆژنامە ئەوەیە ، کە دەبێ :

*١- چاپکراو بێت.*

*٢- ئامادەکردن و رێکخستنی لە ناوەوەی وڵات دا بێت.*

*٣- بۆ سوودی گشتی بێت.*[٣]

رۆژنامە دەربڕی خواست و ئاوات و کێشەکانی کۆمەڵە، لە سەردەمی نوێدا، دوای ئەوەی بە پێی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، کە هەموو کەسێك لە دەربڕینی بیرو بۆچوونی دا ئازادە، بڵاوکرایەوە، ئیدی بیروڕای جیاواز دروست بوون و مەسەلەی دیموکراسی وئاشکراکردنی نهێنی دەستەڵاتدارو کاربەدەستان بووە شتێکی ئاسایی و بۆ رۆژنامە نووسیش بووە کارێکی ئاسایی ، کە پەی بە هەموو نهێنییەکان ببات و بتوانێ بەوپەڕی سەربەستییەوە هەموو نهێنییەکانی حکومەتەکان بدرکێنێ، لەو روانگەیەوە کە ئەو نهێنییانە و کاروبارەکانی کارگێڕی پێوەندی راستەوخۆی بە ژیانی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵەوە هەیە. بەم هۆیانەوە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا زوو بەزوویی سەربەستی چاپەمەنی هاتەکایەوە، تەنانەت لە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپایی سەربەستی وئازادی رۆژنامەنووسیی کەوتۆتە ناو بەندەکانی دەستووری وڵاتەوە. لە وڵاتی نەوریج دا ئەوە روون کراوەتە، کە (ئەرکی چاپخانە و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە گەیاندنی هەموو ئەو زانیاری و حاڵەتانەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەن، پەردە لە سەر هەموو مەسەلەو کێشەکان هەڵدەنەوە کە بهێنێ رەخنەیان لێ بگیرێ.)[٤]

زۆرجاران، مەسەلەی سەربەستی زانین و زانیاری لە رۆژنامەنووسیدا کێشەی گەورەی دروست کردووە و بۆتە هۆی سەریەشە و ئاژاوەی زۆر چ لە ناوەوەی یەک وڵات دا و چ لەسەرئاستی نێوان وڵاتاندا، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆرجار پاراستن و شاردنەوەی زۆر مەسەلەی زیندوو لە کۆمەڵ لەلایەن کاربەدەستانەوە بە بەهانەی ئاسایشی نەتەوەیی و زاراوەی سیاسی دیکەوە بۆتە مۆدەیەکی دی، لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەپێی جیاوازی وەکو چۆن لە دەربڕینی بیروڕایان دا ئازادن و بە هەموویانەوە پرۆسەی دیموکراسی بەرەو پێشەوە دەبەن، ئاواش مافی ئەوەیان هەیە لە ڕێگەی دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی و جەماوەرییەوە، ئاگاداری هەموو هەنگاوەکانی حکومەت بن. دەبێ ئەو راستیەشمان لە بەر چاو بێ، کە دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی، لە ناویاندا رۆژنامەنووسیی، مەبەستی سەرەکییان ئەوەیە هەست و هۆشی نیشتمانی و نەتە وە یی بەرەو ژوور ببەن ، هەر بۆیە چە ند ین هە نگاوی گرنگ دەتوانن زامنی کۆمەڵگەیەکی ژیاری وشارستانی بکەن ، لەسەرووی هەموویانەوە لەناو بردنی نەخوێندەواری ، بەتایبەتی لەوڵاتانی تازە پێگە یشتوو دا ، لەپاڵ ئە وەشدا دەزگاکا نی راگەیاندنی جەماوەری ( ڕادیۆ ، تە لەفزێون ،سینە ما ....) لەزەمینە یەکی بەر فراوانتردا کاریان پێ بکرێت .

کۆمەڵی کوردەواری بەهۆی پێکهاتەی خێڵەکی و نەخوێندەواری لەماوەی ڕابردوودا نەیتوانیوە ، ئەوەندە کاریگەری دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی بە سەرەوەبێت ، بەتایبەتی دەزگاکانی راگەیاندنی کورد یی و خاوەن ئاراستەیەکی نەتەوەیی بوونیان نەبووە ، بەهۆی نەبوونی ئازادی وسیاسەتی چەواشەکاریو ژێر دەستەیی لە لایەن ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، نەک هەرئەوە بەڵکو بەرنامەی ستراتیژی دووریان هەبووە بۆ شێواندنی کلتوری کوردیی و سووک کردنی بەهاکانی نەتەوەیی لە ڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن و میدیاکانەوە، ئەمڕۆ دەزگاکانی راگەیاندنیی کوردیی دەتوانن لە خزمەت کۆمەڵی کوردەواری دابن و سەکۆیەک بن بۆ ئازادی ڕا دەربڕین و خۆدواندنی ئەندامانی کۆمەڵ لە ڕێگەی ڕاگایاندنەوە، لە سەرووی هەموویانەوە رۆژنامەنووسیی.

**۲-۱: زمان و کۆمەڵ و هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەریی :**

زمان دیاردەیەکی زیندووەو تایبەتە بە مرۆڤەوە(٥) .

هەر لە زووەوە زمان سەرنجی فەیلە سووف و زاناکانی ڕاکێشاوە و هەوڵیان داوە نهێنییەکانی زمانی ئادەمیزاد بدۆزنەوە ، لەوەی کە ئەم دیاردەیە خواکردەو خوا بەخشیویەتی بە مرۆڤ یان بە هەوڵ و کۆششی مرۆڤ خۆی هاتۆتە کایەوە .

زمانەوانیی کۆن بۆ ماوەی چەند سەدەیەک لە هەوڵی ئەوە دابوو یاساو دەستورەکانی زمان دابڕێژێ ، بە شێوەیەک ، کە زمان وەکو کۆمەڵێ یاساو دەستوری نەگۆڕو چەسپاو سەیر بکات و لە دەرەوە لە زمان بکۆڵێتەوە، کە بۆچی باشە و چۆن خەڵکی زمان پاراو بن و لە بوارەکانی ڕەوشت و کۆمەڵناسی چ ڕۆڵێک دەبینێ. بە پێچەوانەی قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان، کە هەوڵ دەدەن لە

ناوەوەی زمان بکۆڵنەوە و ئەو سیستەمانەی، کە زمان پێک دێنن بدۆزنەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەمیشە هەوڵ دەدەن پێوەندی نێوان زمان وبیر لەسەر ئەو بنچینەیە لێک بدەنەوە، کە زمان بۆ هەرەوەزی و هاریکاری ئەندامانی کۆمەڵ بە کاردێت و بە هەموو پێوانەکان زمان بە جیا لە کۆمەڵ سەیرناکەن (چۆمسکی) لە هەوڵی ئەوە دابوو، کە زمان بە جیا لە کۆمەڵ سەیر بکات، بەڵام کەوتە بەرشاڵاوی ڕەخنەی توندەوە[٦].

هەروەها زمانەوانی و کۆمەڵناسی ئەوەندە تێکەڵاوی یەک بوون، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی فراوان (کۆزمانەوانی – **Sociolinguistics**)، کە بە (سۆسیۆ زمانەوانی) ناسراوە پەرەی سەند، ئەم زانستە هەوڵ دەدات (پەیوەندی نێوان بینای کۆمەلایەتی و ڕۆنانی زمان بدۆزێتەوە)[٧].

دەبێ لێرەوە دەرك بەو ڕاستی یە بکەین ، کە سەرچاوەو کانگەی زمان لە کۆمەڵەوەیە و بۆ کاریگەرییە لە سەر کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێ کاریگەریی بەجێ بێڵێ و شارستانیەتی خۆی لەسەر دابمەزرێنێ و بیرو بۆچوون و ڕامانەکانی خۆی پێ‌دەربڕێ .
ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە زمان وەکو ئامرازێکی ووشك وبرینگ تێی بڕوانرێ ، بە پێچەوانەوە ، لە هەردوولایەنی ماددی و مەعنەوییەوە ئەگەر دەست نیشان بکرێت ، ئەوا زیاتر زمان ، لایەنە مەعنەوییەکان دەگرێتەوە وزیاتر وشە مەعنەوییەکان لە زماندا دەوری کاریگەر ، بە تایبەتی لە بواری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گشتی بە ڕۆژنامە نووسیشەوە ، دەور دەبینن لە قسەکردن لە زماندا ، بۆهەر دانەیەکی تایبەتی چەندین ڕەمز دەور دەبینن کە ئەو ڕەمزانە واتایەك دەگەیەنن کە وشەکانی قسەکردن خۆیان نین . لە نێو ئەو پرۆسەیەدا ، زمان کەرەستەکانی بیر دەردەبڕێ .
ئەوەی ئێمە لەم باسەماندا گەرەکمانە لێی بکۆڵینەوە زمانی ڕۆژنامە نووسییە. دیارە ، کە زمان ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێ لە بنیاتنانی شارستانی و بیری مرۆڤایەتیدا ، ئەوا تا ڕاددەیەکی زۆر زمانی کوردیی ئەمڕۆ قەرزار باری ڕۆژنامە نووسییە ، کە توانیویەتی نیمچە زمانێکی کوردیی ستاندراد لە کوردستانی باشوور دا بێنێتەکایەوە ، بۆ ئەوەی نووسینی کوردیی و گفتوگۆی یان دووانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیی جەماوەری لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا یەك بخات. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریدا ڕوودەدەن ناکرێ بەبێ گرنگی و کاریگەریی زمان ڕووبدەن و زمانی ڕۆژنامە نووسیی هەوێنی گۆڕانی سیستەمی دیموکراسی و هەنگاوەکانی چاکەکاری کۆمەلایەتیە. زمان کۆڵەکەی پشتی (گەیاندنی جەماوەری) یە و هەریەکێك لە جۆرەکانی گەیاندنیش زمانی تایبەتی خۆی دەوێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا شارەزایان سێ بنەمایان دیاریکردووە بۆ پرۆسەی گەیاندنی جەماوەریی کە ئەمانەن: (نێرەر – وەرگر – پەیام)[٨]، بەلاوازبوونی هەر یەکێکییان یان نەبوونی هەر یەکێکیان پرۆسەکە کز و لاواز دەبێ و ناتوانێ ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە، کە زمان هۆی گەیاندنە و پردێکە بۆ دواندن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ، بەمەش ئەرکێکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەگێڕی وئەمەش خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێکی مەدەنی هاوچەرخ بنیات دەنێت.

زمانی دەزگاکانی راگەیاندنی جەماوەریی پێویستی بەوە هەیە تاڕاددەیەکی زۆر سانا و ڕەوان بێت و زۆرترین ئەندامانی کۆمەڵ بە هەموو چین و ڕەگەز و توێژێکەوە لێی تێبگەن. ئەگەر زمانی رۆژنامەنووسیی خەڵکی خوێندەوار بدوێنێ و لە دروست کردنی رای گشتیدا وەکو دەستەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵدا دەور ببێنێ، ئەوا رادیۆ و تەلەفزیۆن لە ساتێکی کەمدا دەتوانێ بە هۆی وێنەوە جیهان وەکو گوندێکی بچووك بخاتە بەر چاو و گوێت ، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی فێربوونی زمانی بێگانەو سنوورە سیاسییەکان دەبڕێ. لە ناوەوەی یەك زمانیشدا کاردەکات و دەبێتە هۆی لە یەکتر نزیك کردنەوەی شێوەزارەکان و زمانێکی رۆژنامەنووسیی سەردەم دێتەکایەوە ئەمەش چاکیەکەی لەوە دایە، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانە، بە وەرگرتنی چەندین و شەوزاراوە لە زمانەکانەکانی دەوروبەردا. تەنانەت لە میدیاکانی جیهانی و زانکۆکانی ئەمریکادا، زانستێك لە هەردوو بەشی زمانەوانی و راگەیاندندا دروست بووە، کە بە (زانستی زمانی راگەیاندن) ناسراوە، بە تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی راگەیاندن تەرخان کراوە، ئەم زانستە نوێیە لە لایەن زانای ئەمریکی (کالیهان Calihan) دوای بلاوبوونەوەی کتێبە بەناو بانگەکەی(سینتاکس بۆ پیاوانی راگەیاندن) زیاتر پەرەی سەند. ئەم زانستە نوێیە بریتییە لەو (زانستەی کە لەبەر رۆشنایی بیرۆکەی گەیاندن لە زمان دەکۆڵێتەوە، هەروا بیروڕاکانی تریش پشتگوێ ناخات، سوود لە زمان وەردەگرێت بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی پێوەندی راگەیاندن، بەوەی کە دەست نیشانی شوێن و پایەی زمان و خاسیەتە کاریگەرەکانی لە پیادەکردنی ڕاگەیاندنی کاریگەریی جەماوەر دا دەکات[٩].

**٣-١ خاسیەتەکانی رۆژنامەنووسیی کوردیی دوای راپەرین**

یەکێ لە دیاردە بەرچاوەکانی ژیانی رۆشنبیریی دوای ڕاپەرین، زۆریی ژمارەی رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی کوردییە، ساڵەها بوو نووسەر و رۆژنامە نووسیی کورد خەمەکانیان لە دڵیاندا پەنگی خوارد بۆوە، ئێستا ئەو هەلە هاتە پێشەوە کە گۆڕانێکی بنجی لە چاپەمەنی و رۆژنامەنووسیدا بێتەکایەوە. خاسیەتەکانی رۆژنامەنووسیی کوردی ئەو قۆناغە بە چەند خاڵێك دیاری دەکەین :

١-لە ڕووی ئیمتیازەوە، زۆر بوون و بلاویی رۆژنامەنووسیی حیزبی.

٢-لە ڕووی پسپۆڕییەوە ، زیاتر رۆژنامە و گۆڤارەکان بەرەو پسپۆڕیی چوون.

٣-زۆربوونی ژمارەی رۆژنامە نووسان وکارمەندانی چاپەمەنی.

٤-بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێی چاپەمەنیو رۆژنامە نووسی ، کەزیاتر جوانکاریی بە رۆژنامە نووسی بەخشیووە لە رووی هونەرییەوە ، بەتایبەتی لە رەنگاوڕەنگی وگەورەو بچووکی فۆنتەکانی چاپی کۆمپیوتەریی و نەخشەسازیو سوود بینین لە ئامرازەکانی سکانەر وسەتەلایت و وێنەی ڕادیۆییو فاکس و .........

٥-رێکوپێکی لەکاتی دەرچوون و گەیشتن بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و خوێندنەوەی لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە ، لەهەمان کاتدا بەتین کردنی پێوەندی بە جەماوەرەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامە بچێتە ناخی مەسەلەکانەوە بەشدار بێت لە گۆڕانکارییەکاندا .

٦-لە ڕووی زمانەوە ، هەروەکو لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێ ، زمانی کوردیی ئەمڕۆ کەڵکی لە رۆژنامەنووسیی وەرگرتووە، جا چ بە وەرگێڕان و وەرگرتن لە زمانە زیندووەکانی جهانیی یان بە داتاشین وزینەوەی وشەو زاراوەی بەجێ بۆ دیاردەکان .

## *فەسلی دووەم*

### ١-٢ : زمانی رۆژنامەنوسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین بەپێی هونەرەکانی رۆژنامەنووسی:

#### ا-زمانی هەواڵ:

ڕۆژنامەنووسیی بە شێوەیەکی گشتی واتە هونەری هەواڵ ، هەرلەسەرەتاوە هەواڵەکان سەرەتا بەدەست و پاشان بەچاپ دەنووسرانەوە ، هیچ شتێکیش وەکو هەواڵ بێ بایەخ نابێت ، کەدرەنگ بکەوێت. زمانی هەواڵ لە ڕۆژنامە نووسیدا ، پێوەندی بە جۆری دارشتنی هەواڵەکەوە هەیە ، ئەگەر هەواڵەکە لە شێوەی گێڕانەوە دابێت جۆرێکەو ئەگەر بەشێوەی چیرۆکە هەواڵیش بێت جۆرێکی دی دەکەوێتەوە . ئەگەر چی جیاوازییەکان شتێکی لاوەکین ، چونکە هەر خۆی زمانی رۆژنامە نووسی شێوەیەکی سادە و ساکار بەکار دەهێنێ. بەشێوەیەك خۆی لە ڕستە ی کورت و وشەی سادە دا دەدۆزێتەوە ، ئەو وشانەی زۆر باون لە کۆڕو کۆبوونەوەی خەڵك وقسەی ڕ وژانەی خەڵکیدا . هەواڵ دەکرێ بە دوو بەشی سەرەکی سەرەتا (دەروازە) و ناوەند[١٠] . لەسەرەتادا ڕۆژنامە نووس هەوڵ دەدا دەروازەیەك یان بەرکو لێك بۆ چوونە ناوەوەی هەواڵە کە بدۆزێتەوە بە شێوەیەك، کە سەرنج ڕ اکێش بێت و ڕەگەزی هاندانی تێدا بێت ، پاشان لە (ناوەند ) یان ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا وەڵامی ئامرازەکانی پرسی ( بۆ ، چۆن ، کەی ، کێ ، لە کوێ ) دەداتەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستەیە، ناونیشانی هەواڵە، کە قورسایی هەواڵەکەی دەکەوێتە سەر. ناونیشان یان (مانشێت)، لە هەواڵ دا بە کورتترین ڕستە یان فرێز دەردەبڕێ و کەمتر خۆی بە فرێزی کارییەوە دەبەستێتەوە، یان ڕەنگە خۆی لە دوو وشەی کورتدا بدۆزێتەوە. بۆ نموونە سەیری ئەم ناونیشانانە بکە:

*-کۆنگرەی خاك لە بەرازیل*[١١].

*-تاوانێکی دیکەی ڕژێم*[١٢].

*-هەوڵدان بۆ بەرقەراری ئاگر بەس*[١٣].

بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، کەم و کورتی مانشێتی ڕۆژنامەکان بە پلەی یەکەم لەوەدایە درێژن و تاپاددەیەك ناوەرۆکی هەواڵەکە بەدەستەوە دەدەن، بۆ وێنە بڕوانە:

*-ڕێز لە خوێنی هەزاران شەهیدی گەلەکەمان و لە ئیرادەی خۆڕاگری جەماوەر و ئەم شەڕە کارەساتبارە ڕاگرن*[١٤].

جارێ لەپێش هەموو شتێکدا ئەم فرمانەی دوایی رستەکە دەبووایە (بگرن) بووایە، ڕێز ... بگرن، ئینجا خوێنەر ناخاتە بیری بەدوادا چوون و ورووژان و سەر سووڕمان، بە پێچەوانەوە لە ئامۆژگاری و پەند دادان دەچێت.

-ئۆپۆزسیۆنی عیراقی ئەگەر بە ڕاستی بۆ عیراقێکی دیموکراسی تێدەکۆشێ دەبێ بێسڵکردنەوە دان بە فیدرالیەتی کوردستان دا بنێ [١٥].

لە مانشێتی یەکەمدا، جەخت لەسەر (ڕێزگرتن) کراوەتەوە و هەر بەوپێیە کەوتۆتە سەرەتای ڕستەکەوە، لە مانشێتی دووەمدا جەخت لە سەر (ئۆپۆزسیۆنی عیراقی) کراوەتەوە، کە لە هەردووکیاندا (ڕێژەی داخوازی)ن.

هەروەها ئەوەی لەو مانشێتانەو چەندین مانشێتی دیکەدا سەرنج ڕادەکێشێ ڕۆژنامەنووسیی هاوچەرخی کوردیی چەندین وشەو زاراوەی سیاسی هێناوەتە نێو زمانەکەوە، هەروەکو :

(ئۆپۆزسیۆن، فیدرالیزم، تیم، پەرلەمان، فراکسیۆن، دیموکراسی، سەندیکا، جینۆساید، تیرۆر، un، ...)، بۆ هەندێك لەو زاراوانە بڕوانە:

-<u>ئۆپۆزسیۆنی</u> عیراقی ئەگەر بە ڕاستی بۆ عیراقێکی <u>دیموکراسی</u> تێدەکۆشێ دەبێ بێ سڵ کردنەوە دان بە <u>فیدرالیەتی</u> کوردستاندابنێ[١٦].

-<u>تیمێکی</u> پسپۆڕانی <u>UN</u> دەگاتە بەغداد[١٧].

-دەبێ <u>پەرلەمانی</u> هەڵبژێردراو مافی چارەی خۆنووسین بکاتە دروشم[١٨].

<u>ب-زمانی وتار</u>:

زمانی وتار ، زمانێکی ئاساییە ، سادە و ساکارە ، وشەو دەستەواژەکانی ئەوەندە ڕوونن ، زۆر ترینی توێژو چینەکانی کۆمەڵ بە ئاسانی لێی تێدەگەن و زیاتر خۆی لە زیادە ڕۆیی دەپارێزێ و مەبەست بە دەستەوە دەدات . زمانی وتار بە پێی ناوەڕۆکی وتارەکانی دەگۆڕێ . وتاری ئەدەبی جۆرە وشەو دەستەواژەیەکی ڕازاوەو خەیاڵی بە کار دێنێ بەپلەی یەکەم ورووژاندنی ناخی ئادەمیزادەو دڵ دەبزوێنێ، بە پێچەوانەی ئەوە وتاری زانستی هەوڵ دەدات مەسەلەیەکی زانستی بە شێوەیەکی سادەو لە میانەی ڕۆشنبیری گشتیدا بە خەڵك بگەیێنێ ولەم جۆرە وتارەدا زیاتر

ڕوون کردنەوە ئاسان کردنی بابەتەکانی نەك وەکو وتاری ئەدەبی و هونەری کە نووسەربیروڕای خۆی تێدا دەخاتە ڕوو وزیاتر بۆ چوونی کەسییە و خودییە .

لێرەدا لە زمانی وتاردا دەبی ئاماژە بۆ وتاری ڕۆژنامە نووسیی بکەین ، بە تایبەتی (ستوونی ڕۆژنامە نووسیی)، لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا چەندین ستوونی بەردەوام بەرچاو دەکەون ، کە بە ئیمزای ڕۆژنامە نووسانی دیار دەنوسرێن و لە چەندین بابەتی جیاوازدا . هەندێکیان هەفتانەو ڕۆژانەو هەندێکیان ناوە ناوەن .

لە رووی ناوەڕۆکەوە زۆربەی ئەو ستوونانە سیاسی و کۆمەلآیە تیو زانستی و وەرزشین . ئەوەی لەو ستوونانەدا زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ، کە بەشێوەیەکی سادەو گشتگیری نووسراون بۆ زۆرینەی خەڵك نەوەکو بۆ کەسانی پسپۆڕ و تایبە تمەند . زمانی ستونەکان ، بە تایبەتی لە بواری زانستی و وەرزش و سیاسیشدا زۆر وشەو زاراوەی بێگانەی تێدەکەوێو کەمتر بەرامبەریان بە زمانی کوردی پێسنیاز کراون . هەر بۆ نمونە سەیری ئەم ڕ ستە و دەستەواژانە بکە لەو بوارانەدا .. لە بواری وتاری وەرزشیدا ( گۆڵ ، پەنالتی ، ئۆفساید ، تاکتیك ، بۆکسێن مۆندیال ، تەکنیك ) ... لە بواری وتاری زانستیدا ( تەلەفزیۆن ، ڤیدیۆ ، ڤێتێرنەری ، گازۆیل ، ڤایرۆس).

-گرفتی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان لە نێوان شوفێر و سەند یکا دا[١٩] .

-جینۆساید گونەهەکە ل کوردستانێ هاتییکرن[٢٠] .

-ئەندامێکی بەرزی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەغدا تیرۆر دەکرێ[٢١] .

لەپاڵ بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوانەدا هەروەکو خۆی ، کە چۆن لە زمانە بیانییەکانەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی ، نابێ ( ڕۆڵی وەرگێڕان ) لەلایەن ڕۆژنامە نووسانیشەوە لەبەر چاونەگیرێ ، کەبەرامبەر زۆر زاراوەی سەربازییو سیاسیی و ئیدارییش هەوڵیانداوە لە کوردیدا بۆی دابتاشن یان بەپێی واتا ی فەرهەنگیو پێوانەیی بۆیان بدۆزنەوە . بۆ وێنە بڕوانە :

-بۆسنە و هەرسك و پاکسازیی نەژادی[٢٢].

لەجیاتی ( التطهير العرقي )

-دان و سانی ئاشتی بەردەوامە[٢٣].

لە جیاتی ( تفاوض ) یان ( مفاوضات ) .

-تێکشکاندنی چەکە بە کۆمەڵ کوژەکانی عیراق[٢٤].

لە جیاتی ( اسلحه الد مار الشا مل )

-داوا دەکەین هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا بمێنێتەوە[٢٥] .

لە جیاتی ( قوة المطرقة ..)

-هەوڵدان بۆ بەرقەراری ئاگر بە س[٢٦] .

لە جیاتی (وقف اطلاق النار )

-هەر دوو ناوچەی دژەفڕین لە عیراق دەمێنن[٢٧].

لە جیاتی (منطقة حضر الطيران ).

-پرۆسەی ئاشتی ئێر لەندای باکوور[٢٨].

لە جیاتی ( عملية السلام ) .

-شاندێکی حوکمەتی سوید گەیشتە کوردستان[٢٩].

لە جیاتی (وفد)

لە وتاری سیاسیدا ( فراکسیۆن ، مانۆر ، پەرلەمان ، کۆنترۆل ، د یسپلین ، پلینیۆم... )

ئەو ە بێجگە لەوەی هەندێ جار زمانی وتارەکان ئەوەندە ساکاردادەبەزن و بەشێوەی گفتوگۆ ی خەڵکی سادەو بازاڕی بە کارد ێن . وەکو :

-بڕیارەکانی کۆبوونەوەی لیژنەی تگبیعی سلێمانی[٣٠].

- حکومەتی یەمەن لامەرکەزی قبولّ دەکات[٣١].

زمانی وتارەکانی نێو ڕۆژنامەنووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین ، چەند ین وشەی تازەی بە خۆوە گرتووە، ئەگەر چی هەندێکیان ڕەنگە بکەونە خانەی هەڵەی باوەوەو لە ژێر کاریگەریی ڕێزمانی زمانەکانی عەرەبی وفارسیو ئینگلیزی دابن بەهۆی تێکەڵاوی ڕۆشنبیریی ئەو میللەتانەو زیاد بوونی ژمارەی پەنابەری کورد لە دەرەوەو گەڕانەوەیاندا، هەموویان بەسەریەکەوە هەندێ ڕستەو دەستەواژەی وایان هێناوەتە گۆڕێ کە نامۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکاردێن و تاڕادەیەک ڕوون و ئاشکران و لە لایەن ڕۆژنامەنووسیشانەوە بە کاردێن. هەروەکو : (قەیران، پیادەکردن، دیموکراتیزەکردن، ڕەوتی ئاشتی، ئەنجامدان، هەڵدەستێت بە... ، دەگەڕێتەوە بۆ .. ، تیشک خستنە سەر..)کە ئەمانە بەسەرنجدان بە ئاسانی هەندێکیان دەتوانین دەست نیشان بکەین:

ئەنجامدان یان بە ئەنجام دەگەیەنێ): أنجام میدهد (لە زمانی فارسیەوە).

هەڵدەستێت بە .. : یقوم بـ ..(لە زمانی عەرەبیەوە).

دەگەڕێتەوە بۆ .. : یعود الی .. (لە زمانی عەرەبیەوە).

بڕوانە هەندێ لە ڕستەو ناونیشانی وتارەکان :

-کۆنگرەی دیموکراتیزەکردنی کوردستان[٣٢].

-کۆنگرەی ڕەوتی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشان و پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی[٣٣].

-ئەگەرەکانی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان[٣٤] .

٢-٢: زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکان :

ا-زمانی یاسایی:

پاش ڕاپەڕین ، زۆر کۆمەڵەو کۆڕو ڕێکخراوی سەندیکایی دامەزران و زیاتر کەشێکی دیمۆکراسی ئەوتۆ خوڵقا ، کە ژیانی سەندیکایی برەوی سەندو کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی و پشەیی هەمە چەشنە دامەزرا ، بێ گومان ئەو کۆمەڵەو سەندیکایانەش بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان و خستنەڕووی مەرام و ئامانجەکانیان ، چەندین بڵاوکراوەی هەمە چەشنەیان دەرکرد . کەسانی

یاسا پارێزو مافناس کەوتنە هەوڵی ئەوەی بڵاوکراوەی یاسایی دەربکەن و یاساو دەستوری دادگاکان و دادوەری بە کوردی بکرێن و زمانی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت . وەکوچۆن خوێندن ونووسین بە زمانی کوردی زیاتر بە هەرمێن بوو وبایەخی زیاتر پێدرا . بواری یاساشی گرتەوە و چەندین ووشەو زاراوەی کوردیی پەتیو داتاشراو کەوتە نێو زمانی رۆژنامە نووسیی . بڕوانە ئەم زاراوانە :

- داواکەر ( المدعی )
- داواگیر (المدعی علیه )
- دادوەری ( المحاکمە )
- المحاکمە الحضوریە (دادوەری ڕوو بە ڕوو )
- المحاکمە الغیابیە (دادوەری بزری )[٣٥]

ئەمە بێجگە لەوەی دەقی بڕیارەکانی یاسایی بە کوردیی کران ، بۆ وێنە بڕوانە :

–بە پێی بڕگە (١ ) لە مادەی (٥٦ ) ی یاسای ژمارە (١ ) ی ساڵی ١٩٩٢ و لە سەر پێشنیاری وەزیری ڕۆشنبیری و بڕیار لە سەر دانی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانشتنی ڕۆژی ١٢ /١٩٩٢/١١ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

یاسای ژمارە (١١) ساڵی ١٩٩٢

یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری

ماددەی یەکەم[٣٦]:

ئەمە بێجگە لەوەی زۆر زاراوەی یاسای نێو دەوڵەتی کەوتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەروەکو :

–کۆنفیدرالی نیقابەکانی کرێکارانی جیهان[٣٧].

–هەڵکەوتنی شوێنی هەولێری پایتەخت لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە[٣٨].

ب-زمانی وەرزشی:

وەرزش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازی تەمەن و رەگەزدا بڵاوبۆتەوە، ئەمڕۆ وەرزش ئەوەندە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە، تەنانەت زۆرجاران سروشتی سیاسی و نەتەوەییش بە خۆوە دەگرێ. لەم بوارەشدا بەهۆی ئەوەی دارشتنی یاساکانی وەرزشی لە بنکە جیهانیەکاندا بە تایبەتی لە لایەن (FIFA)ەوە ، بە زمانە رۆژئاواییەکان و بە زۆریش لە ڕەگ وریشەی زمانە لاتینییەکانەوە وەرگیراوە،ئەمەش پێوەندی بە کۆنی و دێرینی وەرزش لە ئۆلۆمپیادەکانی یۆنانەوە هەیە. خوێندنەوەی سەرچاوە کۆنەکان جەخت لە سەر لەش ساغی و تەندروستی مرۆڤی دێرین دەکەنەوە، کە توانیویەتی بە هێزی

بازووی خۆی بەرەنگاری سروشت بێتەوە. لە رۆژگاری نوێشدا کۆمەڵی کوردەواری وەکو زۆر بواری دی، بە تایبەتی دوای پێشکەوتنی کۆمەڵ و چاك بوونی بنیادی ئابووری و رێکخستنەوەی یاریگاکانی شارەکانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەنووسیی وەرزشی لە لایەن خەمخۆرانی ئەم بوارە، زمانی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامە نووسیش لە دانانی زۆر وشەو زاراوەی ئەو بوارەیە زمانی کوردی و هێنانی زۆر زاراوەی بیانی سەرکەوتوو بوون. بۆ نموونە بڕوانە ئەم وشە کوردییانە و پاشان هەندێ زاراوەی بیانی:

-یانەی وەرزشی پێشکەوتن[٣٩].
-بە نیازین خولێکی تۆپی باڵە ساز بدەین[٤٠].
-یەکەمین کارتی سوور لە ژیانی ئالان شیرەردا[٤١].
-راهێنەری پێشووی ئەڵمانیا [٤٢].
-بیرۆکەی دوو ناوبژیوان لە ناو یاریگا [٤٣].
-جامی جیهانی گۆرەپان و مەیدان دەست پێ دەکات [٤٤].
-لەیلا محەمەد عەلی کلای ویاری بۆکسێن [٤٥].
-لە لێدانی پەنالتی زۆر وریایە [٤٦].
-تاکتیك بەواتای بەکارهێنانی تەکنیك لە ناو یاریگادا [٤٧].
-پلێتی یارییەکانی مۆندیالی فەرەنسا [٤٨].

پ-زمانی سەربازیی :

دامەزراندنی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای راپەرین، بەیەکێ لە دەستکەوتەکانی ئەو (راپەرین)ە دەژمێردرێ، بوونی وەزارەتی پێشمەرگە، پێویستیی بەوە دەکرد، کە پلەو پایەکانی فەرماندەیی لەشکری کوردستان رێك بخرێنەوە و ئەو پلەو پایانەش بە زمانی کوردیی ناویان بۆ بدۆزێتەوە و چەسپ بکرێن. ئەمە بێجگە لەوەی زمانی کارگێڕی و نامە و نووسراوەکانی نهێنی و ئاشکرای نێوان فەرمانگەکان دەبووایەبە زمانی کوردیی بێت ، ئە مە رێ خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی چەندین وشەو زاراوەی تازە وەکو هەموو بوارەکانی دی بێتە نێو زمانی کوردییەوە. بۆ وێنە :

| | | |
|---|---|---|
| - پاژ(گرووپ) | بەرامبەر (رهگ) و | Squad |
| - دەستە | بەرامبەر (حضیرە)و | Section |
| - پەل | بەرامبەر(فصیل) و | Platoon |
| - لق | بەرامبەر (سریە) و | Company |
| - بەتالیۆن | بەرامبەر (فوج) و | Battalion[٤٩] |

ت-زمانی زانستی:

لە مێژووی ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی سەربەخۆ بۆ بابەتی زانستی نەبوو، لە ماوەی چارەکەسەدەی دواییدا گۆڤارەکانی (تووتن، ئابووریزان، زانیاری،...) بڵاوبوونەوە. لە دوای (ڕاپەڕین) دا ، ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆڤاری زانستی بڵاوبوونەوە و لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی حیزبی و حکومیشدا لاپەڕە و گۆشەی تایبەتی لە بارەی زانستەوە تەرخان کراوە. لە زمانی زانستیدا، بە ئاشکرا کاریگەریی زمانە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی ئینگلیزی و فەرەنسی بەرچاو دەکەوێت، دیارە هۆیەکەشی بە پلەی یەکەم لەوەوە دێت، کە شۆڕشی پیشە سازی و داهێنانە زانستییەکان لە تاقیگەکانی ئەواندا بە دەست هاتووە و ناوی داهێنەر یان وشە و زاراوەکانی ئەو زمانانەی وەرگرتووە.

مەسە لەی زانست بە شێوەیەکی گشتیی پێوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیریی‌و هۆشیاریی کۆمەڵەوە هەیە ، کۆمەڵی کوردەواری وەکو کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتیەکانی دی درەنگ خوێندن و خوێندەواری بە شێوەیەکی فراوان تێیدا بڵاو بۆتەوە ، بێقەوارەیی سیاسی و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ، هەمووی بەسەریەکەوە وایکردوە لە ڕووی زانستییەوە میللەتی ئێمە درەنگ بکەوێت . پاشان دامەزرانی کۆڕی زانیاری کورد و دەزگا ڕۆشنبیری و پەروەردە ییەکان و بەرنامە کانی خوێندن ڕۆڵیان لە بەرز ڕاگرتنی زانست و پەرەپێدانی‌زمانی زانستی دا بینی . بۆ شالاوی وشەو زاراوە بیانییەکان هەربۆ نموونە لە دوو توێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین چەند نموونەیەك وەردەگرین :

-لەم دواییەدا بازاڕی جیهان کۆمەڵێکی نوێ لە ( لیزەر د یسك ) دەگرێتە خۆی لە جیاتی شریتی ڤید یۆ هەروەها ئەم جۆرە د یسکانە زۆر بە ڕ ووونی فلیمی لەسەر تۆمار دەکرێ و زۆر بە ئاسانیش دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شاشە ی تەلەفزیۆ ن (٥٠) .

-ڤایرۆسی ئیبۆلا بڵاو دەبێتەوە(٥١).

-زانکۆی سلێمانی کۆلێژی ڤیتێرنەری لە ئامێزدەگرێ (٥٢).

-بێ گومان کالیسیۆم یەکێکە لە کانزا هەرە گرنگە کانی جەستەی زیندە وەر وەکو -هەموو کانزاییك وترەیسێکی دی (٥٣).

-تەکنۆلۆژیای بۆشایی گەری (٥٤).

-بەرەو دۆزینەوەی زانست و ئەبستمۆ لۆژیای ڕاستە قینە (٥٥).

-لەو وێنەی تریشدا تەلەفۆنی دەستی بەدی دەکەین . کەئامێری فاکسیشی لە خۆگرتووە ، کە ئەمیش پەیوەستە بە کە ناڵەکانی ئەنتەرنێتەوە(٥٦).

ئەمە سەربارەی ئەوەی زۆر وشەو زاراوەی کوردیی پێشنیازکراو لەجیاتی ئەوانەی بێگانە بەکار هاتوون ، کە هەندێکیان جێگەی خۆیان گرتووە و هەندێکیشی تا ئێستا نا مۆن ، لەوانە :

-ماددەی سڕکەر بەگەوەرترین کێشەی نێو کۆمەڵ دادەنێن(٥٧) .

-ئاشكرا بوونی دەفرە فڕیوەیەك[٥٨] .

-دۆزینەوەی هەسارە وئەستێرەیەكی نوێ[٥٩] .

-دەركردنی دەمارە گوێزەرەوە [٦٠].

-بەهۆی زیادی بوونی چەقە هێزی دەركەنەرەوەی ناوە ند ییەوە [٦١].

-دوای ساردبوونەوە پلانێتەكانیان دروست كردووە[٦٢] .

-ژمارە یەكی زۆر تەنۆكەی رەق وورد بووە[٦٣].

## ئەنجام:

١- زمان دیاردەیەكی زیندووەو هەمیشە لە گۆڕاندایە ، بۆ لە یەكتر گەیشتن و هاوكاری ئەندامانی كۆمەڵ بە كاردێ ، بەوپێیە زمان ئەركێكی كۆمەڵایەتی گرنگی لەسەر شانە .

٢- دەزگاكانی ڕاگەیاندنی گشتی لەسەرووی هەموویانەوە رۆژنامەنووسیی كوردیی ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لە دەوڵەمەندكردنی زمان و یەكخستنی دیالێكیتەكانی زمان وهاتنەكایەی زمانی ستانداری كوردیی .

٣- هونەرەكانی ڕۆژنامە نووسیی كوردیی ، هەریەكەیان شێوازی تایبەتی خۆی و زمانی خۆی هەیە لە مامەڵەكردن لەگەڵ كەرەستەكانی زماندا .

٤- ڕاپەڕین گۆڕانێكی گرنگی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە بەسەر زمانی كوردیدا هێنا لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆژنامە نووسیی هەمە چەشنەی هەمە بابەتی وەكو زانستی و ئەدەبی و كۆمەڵایەتیو سیاسی و ئابووری و وەرزش ...، كە بە هەموویانەوە بە كاریگەریی و وەرگێڕان و مامەڵەكردن لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژئاوایی ، زمانی كورییان دەوڵەمەند كرد .

٥- بە بەراوردكردن لە نێوان زمانی كوردیی لە پێش ڕاپەڕین لە ڕۆژنامە نووسیی كوردیدا لەگەڵ دوای ڕاپەڕین دەردەكەوێ ، كەپێشتر ، زمانی ئەدەبیو داڕشتنی ئەدەبیو هونەریی زیاتر زاڵە ، بە پێچەوانەوە لەدوای ڕاپەڕین هۆشیاریی رۆژنامەنووسیی و دەزگاكانی ڕاگەیاندن زیادی كردووە وزمانی رۆژنامە نووسییش سادەو كورت و ڕەوان و میللی بووە ، هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵ لێی تێ دەگەن .

**پەراوێزەکان :**

(١) :فرناند ترۆ ، لە مێژووی ڕۆژنامە گەری جیهانییەوە لە سەرەتا تا ساڵی ١٨١٥ سەرەتا کانی ڕۆژنامەگەری ، وەرگێڕانی عەبدولکەریم شێخانی ، گ ڕۆژنامەڤانی ، ژ ١، ل٩٨٠

(٢) :د . کاظم معتمد نژاد ، روزنامەنگاری ، ص ٤٤٧ – ٤٥٥ .

(٣) :زهرا باقریان نژاد اصفهانی ، روزنامە و روزنامە نگاری در ایران ، ص ٤

(٤) :ژان پۆل مارپوز ، هەفتە بزانی ، وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن ، ل . ١

(٥) :دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاح ، لە کتێبی ( زمانەوانی ) دا ، چەندین پێناسەی زانایانی زمانی هێناوەتەوە، بڕوانە : زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠، ل٥.

(٦) :چۆمسکی ، کە زانایەکی زانستی نوێی زمانە ، لە هەوڵی ئەوە دایە ، کەزمان وەکو یەکەیەکی سەر بەخۆو بەجیا لە کۆمەڵ سەیر بکات و مەودا و سنووری زمانەوانی تەسک کردۆتەوە ، کەوتە بەر ڕەخنەوە ، بۆ وێنە بڕ وانە : تیرنس موور وکریستین کار لنغ ، فهم اللغة نحو علم لغة لما بعد مرحلة چومسکی : ترجمة الدکتور حامد حسین الحجاج، بغداد ، ١٩٩٨ ، ص٢٠٦ — ٢٩٧ .

(٧) :محە مە د مەعروف فتاح ، کۆزما نە وانی سنورو بنەماو ئەرکەکانی ، گ ڕۆشنبیری نوێ ، ژ١١٢ ، ١٩٨٦، ل١٢٨ .

(٨) :محمد جمیل شلش ، اللغة و وسائل الاعلام الجماهیریة ،ص ١٨ .

(٩) :بۆ ئەم پێناسە بەو زانیاری لەباری ( زانستی زمانی راگەیاندن ) ، بڕوانە : د. هادي نهر ، اللسانیات والاعلام ، مجلة التوثیق الاعلامي ، ع٢ ، ١٩٨٨ ،ص ١٥ .

(١٠) :بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی بەشەکانی هەواڵ بڕوانە :

د. محمد حسن عبدالعزیز ، لغة الصحافة المعاصرة ، ص ٢٤ .

(١١) :ڕۆژنامە ی ئاڵای ئازادی ، ژ ٢٦ ، خولی دووەم ، ١٩٩٢/٦/٧ .

(١٢) :ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ، ژ ١١٧ ، س ٥٠ ، ١٩٩٢/٦/٧ .

(١٣) :ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٧٨ ، س ١ ١٩٩٢/٤/٢٨ .

(١٤):ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ، ژ ١٠٩ ، س ٥٠ ، ١٩٩٤/٥/٣١ .

(١٥):ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ، ژ ٤٥ ، خ ٢ ، ١٩٩٢/١٠/٢٥ .

(١٦):سەرچاوەی پێشوو .

(١٧):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠١٧ ، ١٩٩٤/٨/١٣ .

(١٨):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٧٧ ، ١٩٩٢/٤/٢٧ .

(١٩):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٢٥ ، ١٩٩٤/٨/٢٣ .

(٢٠):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٣٠ ، ١٩٩٤/٨/٢٩ .

(٢١):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠١١ ، ١٩٩٤/٨/٦ .

(٢٢):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٠٤ ، ١٩٩٤/٧/٢٩ .

(٢٣):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٢٧ ، ١٩٩٢/٢/٢٥ .

(٢٤):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٣٢ ، ١٩٩٢/٣/٢ .

(٢٥):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٢٨ ، ١٩٩٢/٢/٢٦ .

(٢٦):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٧٨ ، ١٩٩٢/٤/٢٨ .

(٢٧):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٧٤٩ ، ١٩٩٩/١/٤ .

(٢٨):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٧٥٠ ، ١٩٩٩/١/٥ .

(٢٩):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٧٥٣ ، ١٩٩٩/١/٩ .

(٣٠):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٢٠ ، ١٩٩٤/٨/١٦ .

(٣١):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠١١ ، ١٩٩٤/٨/٦ .

(٣٢):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٣ ، ١٩٩٢/١/٢٨ .

(٣٣):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٤ ، ١٩٩٢/١/٢٩ .

(٣٤):ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٧٦ ، ١٩٩٢/٤/٢٦ .

(٣٥):گۆڤاری یاسا پارێزی ، ژ ١ ، س ١ ، ١٩٩٦ ، ل ٨٠ .

(٣٦):ڕۆژنامەی هەرێم ، ژ ٨ ، ١٩٩٣/١/٢١ .

(٣٧):گۆڤاری یاسا پارێزی ، ژ ١ ، س١ ، ١٩٩٦ ، ل ٢٧ .

(٣٨):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٧٤٩ ، ١٩٩٩/١/٤ .

(٣٩):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٤٧ ، ١٩٩٨/١٢/٢ .

(٤٠):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٨٣ ، ١٩٩٩/٨/١١ .

(٤١):هەمان سەرچاوە .

(٤٢):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ٤٧ ، ١٩٩٨/١٢/٢ .

(٤٣):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٦١ ، ١٩٩٩/٣/١٧ .

(٤٤):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٨٤ ، ١٩٩٩/٩/١٨ .

(٤٥):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٦١ ، ١٩٩٩/٣/١٧ .

(٤٦):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٤٦ ، ١٩٩٨/١١/٢٥ .

(٤٧):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٤٧ ، ١٩٩٨/١٢/٢ .

(٤٨):ڕۆژنامەی وەرزش ، ژ ٤٦ ، ١٩٩٨/١١/٢٥ .

(٤٩):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٠٥ ، ١٩٩٤/٧/٣٠ .

(٥٠):ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ژ ١ ، ١٩٩٥/١١/٢٥ .

(٥١):ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ژ ٧ ، ١٩٩٦/٢/٢٠ .

(٥٢):ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ژ ٦ ، ١٩٩٦/٢/٦ .

(٥٣):گ دۆزینەوە ، ژ (٠ ، ١) ، ل ٤٤ .

(٥٤):گ دۆزینەوە ، ژ (٠ ، ١) ، ل ٢٢ .

(٥٥):گ دۆزینەوە ، ژ (٢ ، ٣) ، ل ٥ .

(٥٦):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٧٦٩ ، ١٩٩٩/٢/٣ .

(٥٧):ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٧٦٩ ، ١٩٩٩/٢/٣ .

(٥٨):گ دۆزینەوە ، ژ(٠ ، ١) ، ل ١٨ .

(٥٩):گ دۆزینەوە ، ژ (٠، ١) ، ل ١٩ .

(٦٠):گ دۆزینەوە ، ژ ( ٠ ، ١ ) ، ل ٤٥ .

(٦١):گ دۆزینەوە ، ژ ( ٢ ، ٣ ) ، ل ١٠ .

(٦٢):گ دۆزینەوە ، ژ ( ٢، ٣ ) ، ل ١٠ .

(٦٣): گ دۆزینەوە ، ژ ( ٢ ، ٣ ) ، ل ١٠ .

**سەرچاوەکان :**


**١- بەزمانی کوردی :**

**أ- کتێـــب :**

**١-فتاح ، محمد معروف : زمانەوانی ، هەولێر ، ١٩٩٠ .**

**٢-مارپۆز ، ژان پۆل : هەقتە بزانی ، وەرگێڕانی لە ئینگلیز ییەوە شێرزاد حەسەن ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .**

**ب- رۆژنامەو گۆڤارەکان :**

**٣-رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ، ژ٢٦ ، خ٢ ، ٧ / ٦ / ١٩٩٢ .**

**، ژ٤٥ ، خ٢ ، ٢٥ / ١٠ / ١٩٩٥ .**

**٤-رۆژنامەی برایەتی ، ژ٢٠٠٤ ، ٢٩ / ٧ / ١٩٩٤ .**

**ژ ٢٠٠٥ ، ٣٠ /٧/ ١٩٩٤ .**

**ژ ٢٠١١ ، ١٩٩٤/٨/٦ .**

**ژ ٢٠١٧ ، ١٣/ ١٩٩٤/٨ .**

**ژ ٢٠٢٠ ، ١٦ /١٩٩٤/٨ .**

**ژ ٢٠٢٥ ، ٢٣ /١٩٩٤/٨ .**

**ژ ٢٠٣٠ ، ٢٩ /١٩٩٤/٨ .**

**٥-رۆژنامەی رێگای کوردستان ، ژ١٠٩ ،س ٥٠ ، ٣١ /٥ /١٩٩٤ .**

**، ژ١١٧ ، س ٥٠ ، ٢٦ /٧ /١٩٩٤ .**

**٦-رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٣ ، ٢٨ /١٩٩٢/١ .**

**ژ ٤ ، ٢٩ /١٩٩٢/١ .**

**ژ ٢٧ ، ٢٥ /١٩٩٢/١ .**

**ژ ٢٨ ، ٢٦ /١٩٩٢/١ .**

**ژ ٣٢ ، ٢ /١٩٩٢/٣ .**

**ژ ٧٦ ، ٢٦ /١٩٩٢/٤ .**

**ژ ٧٧ ، ٢٧ /٤ /١٩٩٢ .**

**ژ ٧٨ ، ٢٨ /٤ /١٩٩٢ .**

**٧-رۆژنامەی وەرزش ، ژ ٤٦ ، ٢٥ /١٩٩٨/١١ .**

ژ ٤٧ ، ٢ /١٢/ ١٩٩٨ .
ژ ٦١ ، ١٧ /٣/ ١٩٩٩ .
ژ ٨٣ ، ١١ /٨ /١٩٩٩ .
ژ ٨٤ ، ١٨ /٩ /١٩٩٩ .
٨-ڕۆژنامەی هەرێم ،ژ سفر ، ٢٦ /١١/ ١٩٩٥ .
ژ ٨ ، ٢١ /١/ ١٩٩٣ .
٩-ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ژ ١ ، ٢٥ /١١/ ١٩٩٥ .
ژ٦ ، ٦ /٢/ ١٩٩٦ .
ژ ٧، ٢٠ /٢/ ١٩٩٦ .
ژ ٩ ، ١٩ /٣/ ١٩٩٦ .
١٠-گۆڤاری دۆزینەوە ، ژ (٠، ١)، ١٩٩٧ .
ژ ( ٢،٣ )، ١٩٩٨ .
١١-گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ، ژ ١ ، س١ ، ٢٠٠٠ .
١٢-گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١١٢ ، ١٩٨٦ .
١٣-گۆڤاری یاسا پارێزی ، ژ ١، س١ ، ١٩٩٦ .

٢- بەزمانی عەرەبی :

أ- __کتێب__ :

١٤-شلش ،محمد جميل : اللغة و وسائل الاعلام الجماهيرية ، الموسوعة الصغيرة(٢٦٠)،دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

١٥-عبدالعزيز، د. محمد حسن :لغة الصحافة المعاصرة، السلسلة الثقافية، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت،؟

__ب-گۆڤار__ :

١٦-نهر،د. هادي، اللسانيات والاعلام التأثر والتاثير، مجلة التوثيق الاعلامي، المجلد السابع،ع ٢،س٧، بغداد، ١٩٨٨.

٣-بەزمانی فارسی :

__أ-کتێب__ :

١٧-اصفهانی، زهرا باقريان نژاد: روزنامه و روزنامەنگاری در ايران، انتشارات مولانا، اصفهان، ١٣٧١.

١٨-معتمد نژاد، د. كاظم : روزنامەنگاری، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧٢.

# لغة الصحافة الكردية بعد الانتفاضة
## ١٩٩١-١٩٩٩

يحاول البحث الكشف عن لغة الصحافة الكردية بعد الانتفاضة بدءاً من عام ١٩٩١ الى عام ١٩٩٩ ، علماً بأن الانتفاضة قد تغيرت احوال الناس في كردستان بصورة عامة، وقد تبين ذلك واضحاً في مجال وسائل الاعلام الجماهيرية وعلى رأسها الصحافة ، كلغة الصحافة الكردية عن طريق الصحافة الحزبية والحكومية المتنوعة، وعلى الخصوص في المجالات السياسية والاجتماعية والعلمية والرياضية، فأدخلت فيها كثيراً من المفردات والكلمات الجديدة من اللغات الاجنبية ولا سيما الالفاظ والمفردات الجديدة في ميادين العلوم والسياسة وذلك عن طريق لغة الفنون الصحافية مثل الخبر والمقال والتحقيق الصحفي والدعاية.

وكما يؤكد بان اللغة ظاهرة حية فتتغير بالاستمرار ولها علاقة مباشرة مع شرائح المجتمع ، وبحثنا يشمل حدود لغة الصحافة في كردستان العراق.

وقد اقتضت طبيعة الموضوع، بناء البحث على فصلين مبدوءة بمقدمة ومختومة بنتائج البحث مع قائمة المصادر والمراجع.

# Kurdish Journalism Language after Uprising 1991-1999

This paper aims at studying Kurdish Journalism Language after uprising. Because the uprising led to an over all change in the life of people in Kurdistan. This change is evident in public mass media and journalistic foundtions((establishments) in particular. The Kurdish Journalism Language, through various party and governmental periodicals, more specifically in the fields of politics, social, scientific and sport... has borrowed several new words and terms from forign languages . In addition, several new and terms have been formed for political and scientific phenomenon, which is performed through the language of Journaistic arts such as "news" article, report and advertisement.

Furthermore another fact is reproved that language is alive phenomenon which continually changes and is directly related to human race. As far as the scope is concerned, the paper is restricted to Journalism in Iraqi Kurdistan.

The paper consists of an introductory section, two chapters, aconclusion and abibliography for consulted references.